

## کۆڕی بەڕێز / د . خەیری شێخانی

## " ئێزدیاتی ـ مێژوو و نەتەوە "

بەناوی ئێزدانی پاك

بەناوی خۆم و دەستەی بەرێوەبەرو هەموو ئەندامانی بنگەی لالشی یی رەوشەنبیری و کۆمەڵایەتی لە شاری دهۆك زور بەخێر هاتنی ئێوەی بەرێز ئەکەم . هەروەها زۆر سپاسی بنکەی کاوەی رەوشەنبیری کوردی لە هەولێری پایتەخت ئەکەم بۆ هاوکارییان لەگەڵ بنگەی لالش بۆ بەستنی وەرزی رەوشەنبیری خۆمان .

★ داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر لە قسەکانم تێنەگەن چونکە زاراوی من لە ئەصلدا بادینی یە بابەتی ئێزدیاتی... مێژوو و نەتەوم هەلبژاریت لەبەر چەند ئەگەرێکی گرنگ وەك :

1- مێژووی ئایینی ئێزدی زۆر کۆنە لە رۆژ هەڵاتی ناوەراست و ئەتوانم بلێم کۆنترین ئاینە لە کوردستان .

2- ئێزدیاتی لە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە و تووشی ژمارەیەکی زۆر لە حەمەلاتی ئەنفال و جینوساید بووە .

3- مێژووی ئێزدیەکان بەشێکە لە مێژووی نەتەوەی کورد .

4- بەشێکی زۆر لە مێووی کۆنی ئێزدیەکان رۆشەن نییە نە بۆ ملەتی کورد و نە بۆ خودی ئێزدیەکانیش .

5- زۆربەی زۆری ئەو مێژوو نووسانە کە کتێب یان بابەتیان هەن لەسەر ئایینی ئێزدی بە ئینسافیان نە نووسیوە لەبەر ئەگەری شوفیزمی ئایینی یان شۆفینیزمی نەتەوەیی . زۆربەی نووسەرانی عەرەب وەك عبد الرزاق الحسنی و سعید الدیوەچی و سامی الاحمد و هندێك ئەلێن کە ئێزدی عەرەبن و یزید بن معاویە ئایینی ئێزدیاتی دروستکردیە .... هندێك ئەلێن ئێزدی فرقەیەکی خەوارجن و لە ئیسلام جودابوونەو بەکفرو ئیلحاد لە قەلەم دەدەن .

بەلام لەلایەکی ترەوە جورج حبیب و توفیق و هبی نووسینەکانیان ئەلێن کە ئێزدیاتی کۆنترین ئایینە لە کوردستان و پاشماوەی میترایزم و ئایینی پیرۆزی زەردەشتییە .

لێکۆلینەوە لەسەر مێژووی ئایینی ئێزدی ئاسان نیە ، چونکە هیچ ژێدەرێکی کۆن یان کتێبێکی پیرۆز لەبەر دەستمان نییە باس لەو مێژووە بکات . ئەوەی هەمانە ئێستا چەند تێکستی ئلیینی شەفاهینە بە زمانی کوردی کە پێ ئەلێین ( قەول ) . ئەم قەولانەش باسی مێژووناکەن تەنانەت باسی میتولوجیاو کاری باش و دروستبوونی کەون و پەیدابوونیمرۆڤ و مەلائیکە و دوای مردن وەك كراس گهۆرین (ئانکو تناسخ الارواح ) و بەهشت و جەهنم و هتد ... دکەن . ئەم تێکستانەش زۆر مومکنە گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێ چونکە بە شێوەیێکی شفاهی ماون ، جگە لە ئەمەش هیچ کیتابی پیرۆز وەك قورئان و تەورات و ئینجیل و ئاڤێستا لەبەر دەستمان نەماون ، مومکنە لەوەختێك هەبێ بەلأم لەبەر ئەو فرمانانە یان ( ئەنفالانە ) کە ژمارەیان زۆر زۆرە بەسەر ئێزدیەکان هاتوون لە درێژایی زیاتر لە هەزار سالێ ڕابوودوو ئەم کتێبە پیرۆزە نەمابێ . یانیش مومکنە کیتابی ئاڤێستای پیرۆزیی خۆمانش بێ وەك ئایینی ئێزدی بەلأم لەبەر دوور بوون لەسەنتەری ئایینی زەردەشتی و ئەو هەموو کارەسات و ئەنفالانە ئێمەش ئێستا نەزانین کە ئی خۆمانە یان نە .

جا لەبەر ئەم ئەگەرانە ... بۆ زانینی مێژووی ئایینی ئێزدی ئێمە جا لەبەر ئەم ئەگەرانە ... بۆ زانینی مێژووی ئایینی ئێزدی ئێمە نا چارین دیراسەیەکی موقارن بیکەین ما بەینی ڕێ و ڕەسمەکانی ئێستای ئێزدیەکان و ئەوانەی عەقائید و ئایینەکانی کۆنی کورد . ئەو ڕێ و ڕەسمەکانی کە ئێستا هەمانە یان تا ئەمڕۆ موحافەزەمان لەسەر کردییە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئایینی میترایزم کە لە پێش ئایینی زەردەشتی هەبوو ، هەلبەت ئایینی زەردەشتی پەیدابوو نێزیکی 700 سال پێش زایینی ، ئایینی زەردەشتی زۆر گۆڕانکاری لەسەر ئایینی میترایی کرد وەم ئیمان بە خوادا ( ئانکو ئاهۆرا مەزدا و نەهێلانی خودا وەندەکانی هەرە گەورەیان ( ڕۆژ ) گەڕایەوە و زەردەشت بەخۆی گوتی کە ڕۆژ 9 ڕۆناکی ئاهوا مەزدایە و ئاگر سیمبۆلی ڕۆژە لەسەر عەرد .

ئەو ڕێ وڕەسمانەی کە ئێمە ( ئێزدیەکانی ئەمڕۆ ) ئەکەین زۆر تەشابوهیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە لەسەردەمی میترائییەکان دەکران لەگەڵ ئەوانەی لەسردەمی میترائییەکان دەکران لەگەل جیاوازی کە ئێمە خودا یان یەزدان پەرێسین ئانکو عیبادەتی خودا ئەکەین وەك ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و یەهوودی و ئیسلامی .

تەگابوقی ئایینی ئێزدی لەگەڵ ئایینی میترایی و زەردەشتی لەم خالأنەی خوارەوە دیار دەبن : -

1- <u>پیرۆزی ( ڕۆژ ) یان خۆر</u> : -

ڕۆژ لەلای ئێزدییەکان زۆر پیرۆزە ، هەروەها ڕۆناکی و ئاگر . ئەمەش مەعنای ئەوە نییە کە ئێزدی عیبادەتی ڕۆژ ئەکەن یان ڕۆژ پەرێسن چونکە ئێمە عیبادەتی خوا ئەکەین کە هەر ئەو خوایەیە ئایینەکانی تری ئێستا عیبادەتی دەکەن .

- ئێزدی لەکاتی نوێژکردن یان دوعا کردن لە بەیانی و نیوەڕوانێ وئێوارە بەریان یان ڕوویان لە شوێنێ ڕۆژ ئەبێ ئانکو لە بەیانی بەرەو ڕۆژ هەلأت و نیوەڕوانێ بەرەو باشوور و ئێوارە بەرەوڕۆژئاوا . لێرە ڕۆژ قیبلەی ئێمەیە .
- ئێزدی سوێند بە ڕۆژ و بە ڕۆناکی و بەئاگر ئەخۆن .

- ئێزدیئەلێن رۆژ رۆناکی خوایە بۆ ئەم کەونە و ژێدەری گەرمی و ژیانە بۆ مـرۆڤ و ڕووەك و گیانەوەرەکان .
- مرۆڤی ئێزدی ماچی ئەو عەردە ئەکات کە لە بەیانی بۆ یەکەم جار تیشکی رۆژ لێ ئەدەات .
- قوبەکانی بەرستگەی لالشی پیرۆز دروسـتکراون بەشـیوەی تیشـکەکانی رۆژ . ئـانکو بەشـێوەی (مەخروطی ) .
- وەك گوتمـان ئـاگریش پـیرۆزە چونکە سـیمبولی رۆژە لەسـەر عـەرد لـەبر ئـەوەش سـوێند پـێ ئەخۆین و حەرامە ( تف ) کەینە سەر ئاگر یان ( میز ) کەینە سەر ئاگر ) .
- لەناو پەرستگەی لالش ، پەرستگەیەکی بچووك هەیە بەناوی شێشمس یان شێشـم کـە یەکێکـە لەهەرە پیرۆزە پەرستگاکان و خوداوەندەکانی پەرستگەی لالش . پەرستگای شێشـم ئـەو شـوێنەیە کـە 0 گایەکـە ) لـە جـەژنی ( جـەما ) لـەبر ئـەکوژرێ .... لـەناو بابەتەکـەم دا دێمـە سـەر ئـەم مەسەلەی کوشتنی گاو پەرستەگەی رۆژ یان شێشم .
- لـە پەرسـتگەی لالـش لەهـەر ( چوارشـەم ) 366 شـەمال یـان ( چـرا ) هـەل دەکـەن یـان هەلدەگیرسێنن وبۆ ئەم چرایانەش شوێنی تایبەت هەیە . ژمارەی چرایەکان ژمارەی رۆژانی ساڵە کە 366 رۆژن . جگە لەمەش لە جەژنەکانی ( چلەی هاوین ) و ( جەما ) بەشەو ڕێ و ڕەسمێکی ئایینیٚ دەکریٚ کە پیٚ ئەلێن ( سەما ) یان گۆڤەندی سەما ، سەما گۆڤەنـدێکی ئایینیـیە و بەشـەو دەکریٚ لەبـەر دەنگی مۆسـیقای ئـایینی کـە ئەوانـەش ( دەف ) و ( شـباب ) پـیٚ ئـەلێن . هـەر بـۆ زانینتان ئامێررەکانی مۆسیقا } دەف و شباب و تەمبوور و دهۆڵ و زرنا پیرۆزییەکان هەیە لـەناو ئێزدیەکان { .

لە سەمادا حەوت کەس بەشـدار دەبـن ، ئـەوانیش پیـاوی ئـاینین و ژمـارەی حـەوت تەمسیلی ژمـارەی حـەوت مەلائیکـەت ئـەکات . ئـەم حـەوت بەشـداربووانە ( 3 ) جار لـە دۆری ئـاگر و بەحەرەکەیـەکی تایبەت لەگەل دەنگی دەف و شـباب و گۆتنی تێکسـتەکانی ئـایینی ئەسـووڕێن . لـە هـەموو شـەوەکانی جەژن ئەم سەمایە ئەکریٚ .

- ئێمە ( 3 ) رۆژ بە رۆژوو ئەبین لەمانگی کانوونی یەکەم و رۆژی چوارەم جەژنە . ئەم هەرسیٚ رۆژانەش کورترین سیٚ رۆژی سالن و رۆژی چوارەم رۆژ دەست پێئەکەت درێژ دەبیٚ . ئێزدی ئەلێن کە لەو سیٚ رۆژانە ( رۆژ ) تەنگاو دەبیٚ لەبەر ئەوەش بە رۆژ و ئەبن و کە لـە رۆژی چـوارەم رۆژ درێژ ئەبیٚ دەست بە چەژن و خۆشی ئەکەن چونکە رۆژ لەنەمان رزگار دەبیٚ .
- ( گورکا گای یان گوریا گای ) ( شعلة الثور ) یەکە لە جەژنەکانی ئایینی ئێزدی . ئـەم جەژنـە لە کۆتایی مەوسمی چاندن دەکریٚ کە جۆتیارەکان چاندن بە دووایی دەیێنن و ئەم جەژنە لامانگی دووازدە دەکریٚ . لە ئێواری رۆژی جەژن هەرماڵێك ئاگر هەلدەکات لەبەر دەرگای حەوشەکە و کە جۆتیارەکە دەگەرێتـەوە مالـەوە ( خـۆ دسـەررا دهاڤێـت ) ( یقفـز علـى النـار ) لەگـەل ئەنـدامانی خێزان و منالەکانی گەڕەکەکە ، هەروەها شرینیٚ بەلاو دەکرێت . هەلکرنی ئاگر نیشانەی پیرۆزییە چونکە ئاگر باشترین دیارییە پێشکەش جۆتیار دەکریٚ . هـەروەها چـاندن بـەخۆیش پیرۆزیـەکی تایبەت هەیە لەکن ئێزدیەکان .

ئەگەر ئێمە سەیری عباداتی زۆربەی میللەتانی کۆنی میزۆبۆتامیاو ئێران و ئەناضول و خوارووی عیراق و تا میسر و یونانیش بیکەین ئەبینین کە ( رۆژ ) خوداوەندی هەرە گەورەیە لە عیبادەتی ئەو میللەتانە . هەر میللەتێك لەو میللەتە کۆنانە ناوێك بۆ رۆژ یان دانابوو وەك خوداوەندی گەورە . بۆ نموونە :

لەلای سۆمەرییەکان ناوی ( أنلیل ) یان ( أوتودنگر ) بوو ئانکو خوداوەندی رۆژ .

لە یوانی کۆن ناوی ( تیۆس یان هۆلیوس ) بوو ئانکو خوداوەندی رۆژ .

لەلای رۆمانییەکان ( سۆل ) بوو . لە زامنی نەبەطی ( تموز ) بوو .

لەلای میسرییە کۆنەکان ( رع یان راع ) بوو . لەلای بابلییەکان ( شمش ) بوو و لە میترایيزم دا (میترا)بوو . لەئایینی زەردەشتی رۆژ و ئاگر پیرۆزییەکی زۆریان هەیە . ئاگری پیرۆزی زەردەشتییەکان ئەوە چەندین ساڵە هەر گیرساوە لە پەرستگای شاری یەزد لە ئێران . لە ئایینی زەردەشتی وابوو کە مرۆڤێك بمرێ لەسەر بورجێکی بەرز دادەنێن و وایان حساب دەکرد کە ئاهۆرامەزدا ئەو مرۆڤە یان جوثةیە لە ئایینی زەردەشتی ئەلێن کە ئاهۆرامەزدا تەکلیفی ( رۆژ ) ئەکات بۆ ئەوەی گونەهباری و شەرو خراپی لەسەر عەرد و ناو بەشەر نەمینێ . لەلای ئێزدیەکانیش ئەلێن کوەخوا تەکلیفی رۆژ یان طاووس مەلەك ئەکات بۆ پاکگردنی بەشەرییەت لە گوننەهباری و شەرو خراپی و بەلاوکردنی خێرو خۆشی و بەرەکەت و خۆشەویستی میترایيزم بەلاوبوو لە ئیچران ومیزوپۆتامیا و ئەناضول و خوارووی عیراق و تاحدوودی میسر و یۆنان .

میترائییەکان باوریان وابوو کە میترا لە شکەوتێك لەدایك بووە لە 25 ی کانوونی یەکەم کە رۆژی ئینقیلابی زستانە ( ئانکو الانتقلاب الشتعری ) ، ئەم لە دایك بوونەش یان قورتال بوونی رۆژ لە نەمان دووای کورترین ( 3 ) رۆژ لە سالدا هەر وەکو جەژنی ( ئێزدی ) یە دووای ( 3 ) رۆژیبە رووژی بوون لەکن ئێزدیەکان و بە عەینی مەبەست .

ئێستاش جەژنی رۆژیەکانی ئێزدی لەکنمان لە عەینی وەخت دەکرێ بە نێزیکەی یەك حەفتە پیچش ( 25 ) ی کانوونی یەکەم . لەکن میترائییەکان لە 21 ئادار ( ئانکو نەورۆز ) رۆژ و شەو تەمەن یەك دەبن و بروایان وا بوو کە ئیتر رۆژ بەیەکجاری لەنەمانو تاریکستانی جەژن و شاهی .

لە کن ئێزدیەکان جەژنی ( سەری سال ) کە دە کەوێتە یەکەمین چوار شەمی مانگی میسانی رۆژهەلات ( شەرقی ) ، ئەم جەژنە زۆر نێزیکە لە نەورۆز . لەم جەژنەش ئاگر هەلئەجیرسێنن لە پەرستگەی لالش و شوێنە پیرۆزەکانی تر .

هەردیسان لەسەر پیرۆزی ( رۆژ ) و ( نەورۆز ) ... فاروق الدملوجی لە کتێبەکەی دا ( الألوهیة في الدیانة الزردشتیة ) ئەلێ :

لە کتێبی ( جلوه ) کە یەکە لە کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزدی هاتووە : -

- لە فەصلی سێیەم ئەلێ : -
  - لەنووریان رۆناکی جبرائێل ( زرادوشتی ) پێغەمبەر دروستبووە .
- لە فەصلی پێنجەم ئەلێ : -
  - بەدرۆ سوێند نەخۆن بە ( رۆژ ) و بە رۆناکی رۆژ .

-  ( رۆژ ) و ( مانگ ) له نووری من دروستبوون .
-  من موبارەکەی ئێوه ئەکەم گەلی مرۆڤانی ئـەم دنیایـه لەگـەل یەکـەمین تیشـکی ( رۆژ ) . هـەموو رۆژێك یەك جار موبارەکی ئێوه ئەکەم و له نەورۆز حەوت جار .
-  من رەحمەتی خۆم لەسەر ئێوه ئەبارینم لەگەل ئاخرین تیشکی ( رۆژ ) له ئێواران . من ئەگرنژم یان پێئەکەنم له گەلتان هەموو ئێوارێك یەك جار و له ( نەورۆز ) حەوت جار .
-  له شەوی نەورۆز حەوت نوێژبیکەن .

لەمانەی سەرەوش دیاره که قودسییەتی رۆژ و نەورۆز لەکن ئێزدیەکان گەلێك زۆره .

2- هەبوونی خوداوەندەکان یان ( تعدد الآلهة ) :-

له ئێش هاتنی زەردەشت پێغەمبەر و ناسینی ئاهورامەزدا ، میترائییەکان زۆر خوداوەند یان ( آلهـة ) یان هەبوو . بۆ هەر زاهیرەیەکی سرووشتی خودانێك هەبوو وەك خودانی باران ، فیضان ، نەخۆشـی ، بـرق وبرووسـی ، لـه دایـك بـوون ( ولاده ) ، مـەڕ ، چـاندن ، و هتـد .... گـەورەترین خوداوەنـد خوداوەندی ( رۆژ ) یان ( میترا) بوو چونکه رۆژ تأسیر لەسەر هەموو لایەکانی ژیـانی مـرۆڤ ئـەکات و ژیان بێی رۆژ ورۆناکی و گەرمی پەیدا نابێت .

چەنده زەردەشت پێغمبەر موحارەبەی هەبوونی خوداوەندەکان کرد بەلآم قودسییەتی رۆژ و ڕۆناکی و ئاگر هەرما وەکو خۆی ، حەتا دەیگوت که رۆژ ڕۆناکی ئاهوامەزدایه .

له کن ئێزدیەکان رێزگرتنی یان قودسییەتی ئەوخوداوەندانه تا ئەمرۆش مایه . من حەز ئەکەم لێره بلێم که ئێزدی عیبادەتی خوا ئەکەن ... یەك خوا ... ئەو خوایەیه که ئایینەکانی تر وەك مەسیحی و ئیسلام عیبادەتی جووی دەکەن ... بەلآم خوداوەندەکان جێگای رێز و قودسییەتن . لێره مەبەستم ئەوەیه که ئێزدیەکان موحافەزەیان کردییه لەسەر رێزگرتن له خوداوەندەکانی میترایيزم .

هندێك خوداوەندەکانی که ئێستا ئێزدیەکان رێز لێدەگرن ئەمانەن : -

1- پیرافات ... خوداوەندی فەیەضان و طۆفان .
2- خاتوونا فەخرا ... خوداوەندی له دایك بوون یان ( ولاده ) .
3- شاهسوار ... خوداوەندی شەر
4- مەمێ شڤان ... خوداوەندی مەڕ .
5- گاڤانێ زەرزا ... خوداوەندی مانگ ( الابقار ) .
6- مەلك فخر الدين .... خوداوەندی مانگ ( القمر ) وتا ( صحى ) له کن مندالّەکان .
7- بابادین ..... زك ئێش .
8- مەهمەرەشان ..... باران .
9- هاجیال ....... شێتبوون .
10- پیرێ جەروان .... دووبشتکا ( عقرب )
11- پیرێ لبنا .... ژ نئیسان ( الزواج ) .
12- دەروێشی عەرد ........ چاندنێ .
13- کانیا سپی .......... مۆرکرنێ ( تعمید ) .

جگە لە ئەمانەش زۆر خوداوەندی تر هەن لەبەر نەبوون وەخت ناویان ناهێنم .

3- سەربڕینی گیانەوەرەکان لە پەرستگا یان لە کن مەزارەکان وەك بەعەرەبی ئەلێن ( تقديم الضحايا و القرابين ) لە ئاینی میترایی و ئایینی ئێزدیاتیش دا هەیە . بەڵام لە ئایینی زەردەشتی دا نییە .

4- پەرستگایەکان میترایی و ئەوانەی ئێستای ئێزدیەکان لە لالش ، روستکراون لەسەر ( کانیەکان ) و ئیتجاهیان لە شەرق بۆ غەربە .

5- لە سیمبولەکانی میترایی عەلامەتی ( + ) ئوە نیشانەی هێزی میترا و بەرەکەتەکەیە لە هەر چوار لایەکانی دونیا . ئێستاش لە کن ئێزدیەکان عەلامەتی ( + ) لەسەر تەلیسی گەنم و نۆك و نیسك و برنج ئەکەن بەمەبەستی بەرەکەت کە بەرەکەت دەکەوتە ناو ئەو دەخل و دانەدا .

6- لە ئایینی میترایی و زەردەشتی و ئێزدی چاندن و درەخت و بە خێوکردنی گیانەوەرانی ناو ماڵ شتێکی زۆر پیرۆزە . لە ئایینی زەردەشتی ئەوانە کە کاردەکەن مەعفونە لە رۆژوو گرتن .

لە ئێزدیاتی دا جەژنێکی تایبەت هەیە بۆ جۆتیارەکان و چاندن ئەوەش وەك باسمان کرد لەسەرەوە جەژنی ( گوریا گای یان گوریا گای ) .

7- لە ئایینی میترایی و زەردەشتی وئێزدیاتی هەر چوار عەناصری ( هەوا و ئاگر و ئاو و خۆڵ یان ئاخ ) پیرۆزن . زۆر تێکستی ئایینی مان هەن باسی پیرۆزی ئەم هەر چوار عەناصرە ئەکەن .

8- رۆژی پیرۆزی ئایینی میترایی لە رۆژی چوارشەم لە دایك بووە و لە زەردەشتی دا ئەلێن زەردەشت پێغەمبەر لە رۆژی چوارشەم لە دایك بوو و لە ئێزدیاتی دا ئەلێن طاووس مەلەك لە رۆژی چوارشەم لە نووری خوا دروستبووە .

9- <u>جەژنی جەما</u> : -

ئەم جەژنە لە 6 – 12 مانگە تشرینی یەکەم لە پەرستگای لالش دەکرێت . ئەم جەژنە لە ئایینی میترایی هەبوو و لە ئایینی زەردەشتیشدا هەیە بەناوی ( میهرەگان ) .

لە ئایینی ئێزدی دا ئەمانەی خوارەوە دەکرێن لە جەژنی جەمادا : -

أ- <u>گۆڤەندی سەما</u> :

کە پێش ئێستا باسمانکرد چۆن دەکرێ لە ئایینی ئێزدی دا .

لە ئایینی زەردەشتی دا دەکرێ بەناوی کۆمبوونی گەورە یان ( الاجتماع الاكبر ) ئەوەش دەلالەتی ئەوەیە کە ئاهۆرامەزدا لەگەڵ هاوکارەکانی کۆمدەبێ کە پێیان دەلێن ( الخالدون المقدسون ) .

ب – <u>ڕێ و ڕەسمی ( قەپاغ )</u> : -

لە ئێزدیاتی دا ئەم ڕێ و ڕەسمە بە ئەم شێوەیە دەکرێ : -

لە ڕۆژی پێنجەمی جەژن میرو پیاوە ئایینییەکان گایێك دەهێنن و داوا لە ئامادەبووان دەکەن گایەکە بپارێزن بەڵام دووای دمێکی کەم گایەکە بزردەبێ و وئامادەبووان لێدەگەڕن و دەیبینن ، میر ئەمر دەکە گایەکە ببەنە کن پەرستگەی ( شێشم ) و لە ڕێگادا ئەوەی دەستی بگاتە گایەکە لێدەدات بەدار یان بە دەست . دووای گەیاندنی گایەکە بۆ پەرستگای ( شێشم ) سەری دەبڕن و گۆشتەکە ئەیکەنە خواردنێکی تایبەت ئێمە پێدەلێین ( سماط ) سماط خواردنێکی ئایینی پیرۆزە ، هەر یەك لە ئامادەبووان تۆزێك لەو خواردنە دە بێ بیخوات وەك تەبەرروك .

لە ئایینی میترایی ئەڵێن : میترا گایێك گرت وبردیە ناو ئەشكەوتێك ، بەڵام گایەكە هەڵات ، میتراو هاوكارەكانی توانیان جارێكیتر ئەو گایە بدۆزن و بگرن بە قودرەتی خوداوەندی رۆژ ، دووای ئەشكەنجەدانی گایەكە ، گایەكە دەكوژرێ بە چەقۆ ، دووای دەرهێنانی چەقۆیەكە عەرد سەوز دەبێ بە گیاو رووەك ، لە مێشكی یان ( نخاع شەكی ) گایەكە گەنم دروستبوو وە خوێنەمە بووە داری ترێ كە شەرابی موقودەس لێی دروست دەكەن .

ج – سماط چل مێران : -

لە رۆژی دووایی یی جەژن گایێك دەكوژرێ و گۆشتەكە دەكولێننو میر وپیاوە ئایینییەكان چەند پارچەیەكی گەورە لەو گۆشتە فڕە دەدەنە ناو ئەو خەلكە زۆرە كە لە دەوریان كۆمم دەبن . هەر یەك لە ئامادەبووان كەمێك لەو گۆشتە ئەخۆن وەك تەبەرروك و گۆشتێكی پیرۆز .

لە میتراییزمدا گایێكی گەورەیان دەكوشت و پیاوە ئایینییەكان و خەلكێكی زۆر كۆمەدەبوون بۆ خواردنی گۆشتەكەی . گۆشتەكەش وەك گۆشتێكی پیرۆز لە قەلەم دەدرا .

د – خەلات :

دووای كۆتاییی هێنان بە سماطی چل مێران ، میر شەرتێكی سپی لەسەری هەریەك لە ئامادەبووان گرێدەدەت وەك عەلامەیەكی پیرۆز و نیشانەی بەشداربوون لە جەژن .

لە میتراییزمدا عەینی شت شەریتی سبی یان دەسمالی سپی لەسەری بەشداربووانی جەژن دا گرێدەدان وەك نیشانەی بەشداربوون لە و جەژنەدا .

10 – سنجەق و شێرپكی ئاو یان پەرداغی ئاو : -

لە ئێزدیاتی دا سنجەق یان طاووس هەیە و هەرسال دووجار لەناو گوندە ئێزدیەكان پیاوە ئایینییەكان ئەیبەن لەگەل مۆسیقای ئایینی و تەراتیل بە مەبەستی پەروەردەی ئایینی و بەلاوكردنی نەصائح .

ئەم سنجەقانەش لە ماددەی برونز دروستكراون بەڕەنگی مەسنەدێك و لە سەرەوە طەیرێكی برونزی هەیە ، لە تەنشتەوە شێرپكەكی یان پەرداغێكی برونزیە .

ئەم سنجەقە كە لە مالێك دادەنێن حەفت سەرینی رەنگاو ڕەنگ لە پشت دادەنێن و خەلكەكە زیارەتی سنجەق و پیاوە ئایینییەكان دەكەن .

( توفیق وهبی ) ئەلێت سنجەقی ئێزدیەكان شەكلێكی گوڕانكاری تێكراوە لە ئالای حەضەری میترایی (علم الحضر المثرائی ) .

ئالای حەضە ری میترایی پێكهاتووە لە مەجمووعەیەكی تركیب كراو لەسەر مەسنەدێك ، سەری مەسنەدەكە رمێكی هیلالیە و سێ سەری هەیە و لە سەردا طەیرێكە بە شكلی نەسر ، لە پشت ئەمانەش چەند پارچەی پەڕۆ یان قیماش بەستاون . پەرداغی برونزی سنجەق هەر وەكو كاس ئاوی موقەدەسی میترایییەكانە كە پێ دەلێن ( ئاوی هوما ) .

10-ڕێ و ڕەسمی نان و ئاوی پیرۆز : -

لە جەژنی قوربانی ئێزدیەكان كە لە پەرستگەی لالش دەكرێت ، خەلێكی زۆر ئەرۆنە سەر چیایی پەرستگا و پیاوە ئایینییەكان ( نان ) فرە دەدەن بە سەریان دا ، هەر كەسێك لە ئامادەبووان پیچكۆل

ئەکەت بەزووترین وەخت پارچەیێك لەو نانە بگرێت و بیبـەت ( لـەناو ئـاوی ( کـانی سـپی ) بکـات و بیخوات وەك نان و ئاوی موقەددەس .
هەر دیسان لە کۆندا کە مارکردنی کوڕو کیژێك دەکرا ، پیلوی ئایینی نانێك دەهێناو دەکردە دوو کەرو کەرێك بە کوڕەکە دەداو کەری تر بە کچەکە ئەمەش نیشانەی نیشانەی قودسییەتی رابیطەی زواج بوو .
لە میترایزمدا ڕێو ڕەسمی نان وئاوی پیرۆز هەبوو ( ئانکو هوما ) لە جەژن دا پیاوی ئایین چـەندین نان و ئاوی هوما ئامادە دەکرد و لەگەل ئامادەبووان نانەکە لەناو ئاوی هومادەکردن و هەریەك هندێك ئەیخوارد وەك نان و هومای پیرۆز .

**11-مۆرکردنی ( تعمید ) :**

لە ئایینی ئێزدی دا دەبێ هەموو ئێزدییەکان تعمید بکرێن بە ئاوی ( کانیا سپی ) لە پەرستگەی لالش . تعمید باشترە ئەگەر لـە جـەژنی ( چلەی هـاوین ) یـان ( جـەژنی جـەما ) بکرێـت بـەلام لـە هـەموو دەمێك دروستە و مەقبوولە .
هەر دیسان باشترە ئەگەر مرۆڤی ئێزدی لـە منالییـەوە تعمیـد بکرێـت بـەلام ئەگـەر پێیـان نـەکرێت ، تعمید کردن لە هەرتەمەنێك دەبێت .
لە میترایزمدا دەبوایە هەوو منالەکان لە ئاوی کانی کە پەرستگا لەسر دروستکرایە تعمید بکرێت .

**12-بەرات : -**

بەرات لە ئاخ یان خۆلی پیرۆزی پەرستگای لالش دروست دەکرێت دوای تێکەلکردن لەگەڵ ئاوی پیرۆزی کـانی سـپی . بـەرات تقریبـا بـە حـەجمی نۆکێکـە یـان تۆزێـك گـەورەتر , هـەر ئێزدیـەك سـەرەدانی پەرستگای لالش بکات دەبێ یەك لەو بەراتانە لەگەڵ خۆی بباتـە ماڵەوە وەك دەلیلـی سـەرەدانکردنی پەرستگایان بەشداربوونی لە جەژن . لە کەوندا ئێزدیەکان دەیانگۆت ( هەوییەی یان ناسنامەی مرۆڤی ئێزدی هەبوونی بەراتە لە گیرفانی دا . لە میترایزمدا نەوعە بەردێکی وورد و مـەنقووش هـەبوو لـە پەرستگا ، هەر کەسێك زیارەتی پەرستگا کردبا یان خۆلی ئایینی تەواو کردبـا دەبوایـە بـەرێك لەوانـە لەگەل خۆی هەلگرێ هەر بۆ عەینی مەبەستی هەلگرتنی بەرات لەلای ئێزدیەکان .

**14 – ئێزدی لەو باوەری دانە کە لـە رۆژی قیامـەت طـاووس مەلـەك هاوکارییـان دەکـات و دەیانبـەتـە بەهشت .** میترایەکان باوەڕیان هەبوو کە لە رۆژی قیامەت ( میترا ) هاوکارییان دەکات و دەیانپارێزت لە ئەشکەنجە و نەخۆشی دووای مردن .

**15 – گیرڤان یان گریڤان : -**

گیرڤان کراسێکی داخلیـە لە قیماشی سپی دروسـت دەکرێـت و دەبـێ طـەوقـەکی دۆرمانـدۆری ئەسـتۆ هەبێ . دەبێ کـوڕ و کچـی ئێـزدی گیرڤـان لەبەرکـەن . هـەروەها کـە ئێزدییـەك دەمـرێ دەبـێ گیرڤـان لەبەرکەن پێش شاردنی . گیرڤان ناوێکی ترشی هەیە ئەوەش ( تۆکا ئێزی ) پێ دەگوترێ .
لە میترایزم و زەردەشتیشدا گیرڤان هەیە و بەعەینی دروستکردن بەس گیرڤانێکی کچکە هەیە لە بن طەوقەکە یان تۆکەکەدا کە زەردەشتییەکان ئەلێن خێرو بەرەکەت دەکەوێتە ناو ئەو جیرڤانەدا .

**16 – زواج یان ژن ئینان : -**

لە ئایینی ئێزدی و زەردەشتی زەواج لە ئایینەکانیتر موحەررەمە .

17 – زمانی کوردی : -
زمانی ئایینی ئێزدیەکان زمانی کوردیە هەموو تێکستەکان بە زمانی کوردی نە .
لە ئایینی زەردەشتیشدا زمانی کوردی کۆن زانێ ئایینیە .
18 – کراس گهۆڕین ( تناسخ الارواح ) : -
لە ئایینی ئێزدی و زەردەشتیدا بروا بە تناسخ الارواح هەیە ئانکو هەردووکیان ئەلێن دووای مردنی مرۆڤ جەسەد نامینێ بەڵام ( روح ) نامرێ . ئەگەر رۆحێکی باش بێت دەگەڕێتەوە ناو قالبێکی تازەو ئەو مرۆڤە لە ژیانێکی خۆش و خاوێن دا ئەژیت . ئەگەر رۆحێکی خراب بێت دەگەریتە ناو قالبێکی تر یان ناو گیانەوەرێکی خراب کە لە هەموو ژیانی خۆ عەزاب و نەخۆشی ببینێت .
19- ئێزدیەکان بروایان وایە کە خێرو شەڕ لەیەك دەرگا دێن ، ئەلێن کە عەقلی مرۆڤ مەصدەری خێرە و ئەگەر مرۆڤ بە عەقل کار بکات تووشی هیچ غەلەطێك نابێن بەڵام ئەگەر بەنەفسی خۆی یان رەغەباتی خۆی کار بکات تووشی غەلەطی ئەبێت . عەقل و نەفس هەر لەیەك مرۆڤدانە و ئەو مرۆڤەش خوا دروستکردیە .
لەئایینی زەردەشتی دا ئەلێن : ئاهورامەزدا مەصدەری خێرەو نەفسی مرۆڤ مەصدەری شەڕە . دژایەتی و صیراع بەردەوام دەبێ لە بەینی خێرو شەر بەڵام لە کۆتایی دا خێر بەسر دەکەوێت .
20- پیاوە ئایینییەکان لە هەردوو ئایینی ئێزدی و زەردەشتی دا پێیان ئەلێن ( پیر ) . بەڵام دووای هاتنی ( شێخ ئادی ) بۆ ناو ئێزدیەکان لە پەرستگەی لالش لە سالی 1075 ز طەبەقەی شێخ دروستگرد . یانی لە ئەصلی دیانەتدا شێخ لەناو ئێزدیەکان نەبوون .
لەم خالانی سەرەوە دیارە کەڕێ و ڕەسمی ئێزدیەکانی ئێستا زۆر موطابقن لەگەل ئایینی میترایی و ئایینی زەردەشتی ... بەتایبەت لەگەل ئایینی میترایی .
سەرەڕای ئەو هەموو کارەسات و ئەنفال و حەمەلاتی ئیبادە ئێزدیەکان توانییان ئایینی کۆن و ڕێ ورەسمەکانیان بپارێزن تا ئێستا .
} ل پشتی ڤێ : ئالییێ نەتەوەیی {
1- فرمان و ئەنفالێن ب سەرێ ئێزدیان هاتێن ل دەمێ عەباسیا و ئۆصمانیا .
⋆ هەفتی وپێنج فرمان .

- فتوی شێخ الاسلام ( ابو سعود العمادی ) 1494 – 1575 م .
- فتوی الشیخ ( عبدالله الربتکی ) 1724 م
- حملة محمد باشایی رەواندزی یان میرێ کۆرە 1832 م
- حملة ابراهیم حاجی پاشا 1917 ( سترانا حەسەن و غەزالێ ) .
- حملة الفریق عمر وهبی پاشا 1892
- حملة حلوڤ پاشا علی سنجار 1837 .
- شەرێن حەمۆیێ شەرو ل گەل دەولەتێ .
- شەرێن داودێ داود ل گەل دەولەتێ .

2- شورەشێن کوردی

3- بارزانی نەمروشورەشا ئەیلوولی

4- تعریب

5- پشتی سەرهەلدانی - بنگەهێ لالش – راگەهاندن – دەرسا دینی

<u>ژێدەروکانی بابەت ( المصادر ) :</u>


- جورج حبیب – الیزیدیة بقایا دین قدیم – بغداد 1978
- د . خلیل جلدی – نحو معرفەحقیقە الدیانە الایزدیە – المانیا 1992
- ب - ش دلکۆڤان – گۆڤارا لالش – ژمارە ( 2 – 3 ) مزدوج .
- فاروق الدملوجی – الالوهیة فی المعتقدات الوثنیة .
- فاروق الدملوجی – الالوهیة فی الدیانە الزردشتیة .
- توثیق و هبی – الیزیدیة بقایا الدیانة المثرائیة .
- انور مائی – الاکراد فی بهدینان .
- تێکستە پیرۆزەکانی ئایینی ئێزدی .


بەروار/ 11 / 9 / 2002